# پێوەندی ئاسۆیی و پێوەندی ستوونی لە قەسیدەی

## (کێشی ئەو شیعرەت بۆ نادۆزرێتەوە، بلووریێنە تکایە)

عەبدولموتەڵیب عەبدوڵڵا

گورگێک فەرز کەن لە پێستی شاردا
دەوەڕێ بەو گوڵەبەڕۆژانەی
لە پەنجەکانی نەقاشێکدا ئاوابوون
پۆلیسیش لە ڕێگا فیتوو لێدەدا و
ڕووبەڕووی کڵوەبەفرەکان
پێکێک هەڵدەدا لە ئاور.

گورگێکتان بەو زستانە ڕێ داوەتە شیعرەوە
لە زەینیشتان سەگێکی بەرەڵڵا
نارەسەن نا
لە ڕەگەزێکی دیکەتر
کە دەلورێنن لە سەرکێشی شەو
پشت لەو دەربەندانەی زایەڵەی مەرگن

کیژێک لە چاوتان بکێشنەوە بەیانی
تینوویە ڕەنگە جیهان بە جوانی

بە چاویشیدا کە بەستێنێکە لە وەرزی شیعر
بەرەو باران پێنووسەکانتان لەنگەریان- سەوز

کیژێک فەرزکەن لە نزاکانتاندا

دڕندەیی نا...
بە جادەکانی کەویرەوە... پەڵەی دابێ نیگای...
لە پێستی بادا

فەرزکەن شەوێک لە قەتاردا
فیلمی منداڵانی -با-
لە مەزراکانی لۆکەدا

بە کەژاوەیەکەوە لە شەقامەکانی شار
پڕەنسیس دایانا و
داوێنی بەرزی بایەوانی دەریای سوور
کە لەنگەری بە ئاورەوەیە دەمێکە.

گورگێک لە ژێر داوێنی دا و
سەگێکیش لە سەر ئەو گالیسکانەی ڕوو لە ئەفریقا دەبارن
سیگارێکیش ڕوو لە وڵات کە بەهمەنە.

بەو گوڵەبەڕۆژانەی بە تاریکی دەوەڕن
بەو پۆلیسانەی ڕووبەڕووی هەتاو
دەخولێنەوە بەسەر مەنزوومە تاڵەکاندا
متمانە ناکەم... خاتوون



یوونسی ڕەزایی

**متمانە بە تەنیایی دار**
**بە تابووتی جیهان کە لەسەر شانی ئێمەیە**
**دڵنیام کەوە لە تاڵی بسکەکانت... کە نەریتی مێن**
**وە لە فاڵی چاوت کە ڕەگەزێکی بڕێزیلیان لە ناخدا**
**دڵنیام کەوە لە لەشت ئەی نیشتمانی تەنیاییم**
**دڕندەیی ئەو مەنزوومەیە با تاڵانی -با-**

**"لە پەنجەتدا مێژووی جوانیم**
**لە چاوتدا جوگرافیای دەریاکانم**
**لە زاراوەتدا.. ڕەوانە زمانم.. بەیانان**
**کە ئاسۆیەکی بە شەقامەوە.**

**نە زستان بیانووە بۆ نەپشکوتن**
**نە پۆلیس هاتوچۆ لە بەفروباراندا**
**گوللەکانی بەرەو شیعرەکانی ئێوە، کە بێ چەترن**

**لە وێستگەی هێڵی ئاسن: کە بە قەڵەم مووی ڤان گۆک و**
**بە ڕیتمی سەمفۆنیای -باخ- کە هاوواتای باغە**
**فەرزی دەکەم.**
**گوێچکەیەکی بڕاو دەبینم لە بادا**
**ماندوو لە دەنگەکان نا.. کە ڕەنگیان بە تامترین**
**بەرامەیە**
**دەنگ دەدەم بە بادا.. کە بێ سنوور دەژی.**

**داوێنێکی بەرز لە قەڵەم مووەکەمەوە بە سەر بوومدا دەکشێ**
**کە لە ژێرییەوە نیوکورەی ئاسک و**
**نیسف وێنە هاری گورگ**
**داوێنێک کە سۆنامییە بە بەستێنی دڵمەوە**

**مەلەک دایاناش لە خوێنی ئەفریقا گەوزیوە**
**لە شەقامەکانی هاوسەرەوای منچستێر ستی**
**ئەمن و ئێوەش شاعیرانی ئاوابوون لە ژان**
**جگەرەیەک لە شەقامەکانی ناشوێن**
**شیعرێکیش داگیرساو بە ئاسۆکانی ژیانەوە**

**بەهمەن سەرەتای گورگە و**
**فەرز دەکەین پۆلیسەکان**
**بە کێشی ئەو شیعرە گەیشتوون لە ڕێگای بارانەوە.**

**یوونسی ڕەزایی**
**زستانی ١٣٩٠ بۆکان**

### پێشەکی

لە خوێندنەوەی قەسیدەی (کێشی ئەو شیعرەت بۆ نادۆزرێتەوە، بلوورێنە تکایە)ی (یوونسی ڕەزایی)دا لەسەر ئاستی کۆمەڵایەتی و پێوەندی زمانەوانییەوە قسە لە پێوەندییە ئاسۆییەکان دەکەم، لە سەر ئاستی شیعری و دەلالەت و ناوکۆیی و داڕشتنی تایبەت، پێوەندییە ستوونییەکان دەخەمە ڕوو، کەواتە (پێوەندی ئاسۆیی) بە ئەزموونەوە دەلکێ و (پێوەندی ستوونی) بە سەرسامبوونەوە بەندە، یەکەمیان ئاستەکانی مانای لەخۆدا هەڵگرتووە و دووەمیان ئاستەکانی چێژ دەنوێنێ، یەکەمیان بە مێژوو و بەردەوامییەوە بەندە و دووەمیان لەسەر حەپەسان و چرکەسات وەستاوە. لەو دوو پێوەندییەوە حیکایەتی ئاشنابوون و نائاشنابوون* بە بیرکردنەوە و خەیاڵی خۆم دادەڕێژمەوە! دەشێ ئەو دوو پێوەندییە بە پێی ڕێبازە ئەدەبییەکان دیاری بکرێن، بەڵام ڕاڤەکردن و خوێندنەوە جیاوازەکان هەمیشە سنوورەکانی دیار تێکدەشکێنن و هەرگیز ئابلۆقە نادرێن.

## داڕشتنەوەی حیکایەتی پۆلیس و هونەرمەند

لە قەسیدەکەدا پۆلیسێک بە دوای کێشی شیعرێکدا دەگەڕێت، هونەرمەندێک بە دوای جوانی بێ سنووردا وێڵە، ئەوەی ئەو پۆلیس و هونەرمەندە بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە مرۆڤبوون و ڕاستیی ژیانە، ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە ترس و جوانییە. ڕەنگە پۆلیس چاودێریکردن و گرتنی قەسیدەکەی مەبەست بێت، هونەرمەند هەوڵی جوانکردنی پێوەندییەکان بدات؟! بە مانایەکی دیکە ئەگەر پۆلیس سیفەتی (گورگ)ی هەبێ، ئەوە قەسیدە ڕاو دەنێت، ئەگەر هونەرمەند (ڤان کوخ) بێت، ئەوە جوانی بە ئامانج دەزانێت. خودی ئەو خەیاڵەم وەک ڕووداوێکی واقیعی وەرگرتووە و حیکایەتەکەم لە سەر دروست کردووە!

وەک زەمەن، زەمەنی گێڕانەوە لە پێوەندی ئاسۆییدا بە ڕێگای کردەیی و بە پێی سیستمی سروشتی دەرەکی (وەرزی زستان) دەنوێنێ، بەڵام زەمەنی گوتار زەمەنی ڕووداوەکانی نێوان پۆلیس و هونەرمەندە و بە شێوەیەکی هونەری لە تەکنیکە ئیستێتیکییەکانی خۆدواخستن و خۆپێشخستن و پەلەکردن و خاوبوونەوە و ڕەمز و هەست دەردەکەوێت! هەمووان دەزانین هیچ ڕەگەزێکی زەمەنی بە بێ ڕەگەزی شوێن بوون و ڕەنگدانەوەی نابینرێت، شوێن لەو حیکایەتەدا دەکەوێتە نێوان شار وەک بینراو و لادێ وەک نەبینراو، شوێن و زەمەن فەزای حیکایەتەکە دادەڕێژن.

لێرە لە نێوان لێک نزیکبوونەوە و لێک دوورکەوتنەوەی هەر دوو کارەکتەری (پۆلیس و هونەرمەند) چەمکی ئاشنابوون و نائاشنابوون، بۆ پێوەندی ئاسۆیی و پێوەندی ستوونی خوێندنەوەکەم دەکەمە ڕابەر و هەوڵدەدەم نائاشنابوونی (پۆلیس و شیعر) و ئاشنابوونی (هونەرمەند و جوانی) لە حیکایەتی قەسیدەکەدا زیاتر ڕوون بکەمەوە.

هەڵبەتە لێک نزیکبوونەوەی گورگ و پۆلیس و تاریکی و لادێ. لە (پێوەندی ئاسۆیی)دا ترس دەخاتەوە! وەک چۆن لێک نزیکبوونەوەی هونەرمەند و ڕووناکی و شار. لە (پێوەندی ستوونی)دا جوانی بەرجەستە دەکات! لە پێوەندی ئاسۆییدا (گورگ و پۆلیس و تاریکی و لادێ) ڕووبەڕووی گوڵەبەڕۆژە دەوەڕێ، لە پێوەندی ستوونیدا (هونەرمەند و ڕووناکی و شار) وێنەی گوڵە بەڕۆژە دەکێشێ هونەرمەند لە بەرانبەر جوانی ئاوا دەبێت، پۆلیس لە بەرانبەر جوانی ئاور دەکاتەوە؟!

ڕاستی حیکایەتەکە ئەوەیە: (ترس ڕووبەڕووی جوانی فیتوو لێدەدات. ترس ڕووبەڕووی کڵوەبەفر پێک هەڵدەدا)، یەکەمیان ترسە لە خۆ، دووەمیان ترسە لە سروشت، یەکەمیان ناوەکییە و دووەمیان دەرەکییە! مەبەستم ئەوەیە کاتێک مرۆڤ بەرانبەر جوانی دەوەستێ سڵ لە ناشیرینییەکانی ناوەوەی خۆی دەکاتەوە، کاتێک ڕووبەڕووی سروشت دەوەستێ بیر لە بچووکی خۆی دەکاتەوە. ترسی یەکەم سڵبوونەوەیە لە توندوتیژی ناوەوە، ترسی دووەم ترسە لە نهێنی سروشت. دەمەوێ بڵێم ڕاستیی حیکایەتەکە ڕاستیی ژیانە، ڕاستیی ژیان لەو قەسیدەیەدا لە خۆدواخستن و خۆپێشخستن و پەلەکردن و خاوبوونەوە و ڕەمز و هەستی ناوکۆیی شیعری ئاماژەی بۆ دەکرێت، بەو مانایەش نە زستان بیانووە بۆ نەپشکوتن، نە پۆلیس هاتوچۆ لە بەفروباران دەگرێ! نە هونەر بیانووە بۆ ئاوابوون، نە پۆلیس بیانووە بۆ ئاگرنانەوە، چونکە ژیان ئازادییە لە نێوان ئاوابوون و ئاگرکردنەوە، لە نێوان شەو و ڕۆژ، لە نێوان زایەڵەی مەرگ و وێنەکێشانی بەیانی. ئەوە مرۆڤە لە شەقامی ژیاندا هەنگاو دەنێ، ئەوە گورگە لە ژێر داوێنی (مرۆڤ) و لەگەڵ مرۆڤ بەرەو دنیا دەبێتەوە. (مەلەک دایانا) لە خوێنی ئەفریقا گەوزیوە! مرۆڤ گورگی مرۆڤە*/ مرۆڤ لە نهێنی سروشت سەری سوڕماوە، ئەوەی مرۆڤ و گورگ بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، ڕاستی مرۆڤە، ئەوەی مرۆڤ و سروشت بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە ڕاستیی ژیانە، ڕاستیی ژیان ڕاستیی مەعریفەیە، ژیان بێ توندوتیژی مەحاڵە! ژیان بێ نهێنی مەحاڵە! ئەوەی لە ژیان دەمێنێتەوە پێوەندییە، ئەوەی لە مەعریفە دەمێنێتەوە نهێنییە، پێوەندی بێ جوانی بوونی دەکەوێتە قەیرانەوە، مەعریفە بێ نهێنی بوونی نییە. جوانی توندوتیژی خۆی هەیە، مەعریفە خەونی مرۆڤە، توندوتیژی جوانی خۆی هەیە، مرۆڤ بێ مەعریفە دەکەوێ!

خوێندنەوەی حیکایەتی قەسیدەکە پێمان دەڵێت ئەوەی (نائاشنابوون و ئاشنابوون) ڕێک دەخاتەوە، ئەوەی (گورگ و مرۆڤ/ تاریکی و ڕووناکی/ شار و لادێ)

بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە، ئەوەی (گوڵەبەڕۆژە و کڵوەبەفر/ شیعر و کچ/ باران و سەوزایی) بەیەکەوە کۆ دەکاتەوە: (مەعریفە و جوانییە)

دواجار جوانی پۆلیس لە ژیانی حیکایەتی قەسیدەکەدا لەوەدایە کێشی شیعرەکە دەدۆزێتەوە، وەک چۆن سەرکێشی هونەرمەند لەوەدایە بۆ جوانکردنی پێوەندییە مرۆییەکان گوێچکەی خۆی بە با دەدات؟! یەکەمیان لە پێوەندییەکی بەرتەسکی قەسیدەکەدا دەخولێتەوە، دووەمیان لە پانتایی بەرفراوانی پێوەندی مرۆڤایەتیدا.

دەتوانم بڵێم ئەو خوێندنەوەیە لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە چەمکی ئاشنابوونی پۆلیس و نائاشنابوونی هونەرمەند بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی حیکایەتەکەوە بەند دەکات؟! نەک هەر هێندە، بەڵکو لە لایەک چەمکی مەعریفە بە هونەری دارشتن و جیاوازی دارشتن دەبەستێتەوە، لەلایەکی دیکەوە گۆڕینی چەمکی جوانی لە گۆڕینی ئاسۆی چاوەڕوانی باوی خوێنەر بەرهەم دەهێنێتەوە، بەو مانایە ئەو خوێندنەوەیە پێی وایە شاعیر لە ڕێگای مەعریفەی شیعرییەوە دارشتنی باو هەڵدەوەشێنێتەوە و دووبارە دایدەڕێژێتەوە.. شاعیر لە ڕێگای جوانیی دنیابینییەوە ئاسۆی چاوەڕوانی باو و هۆگری دووچاری ئاوڕدانەوەیەکی جیاواز و حەپەسان دەکات!

## چەمکی ئاشنابوون

چەمکی (ئاشنابوون) خاوەن ڕابوردوویەکی مێژووییە، بە ئاسۆیی هەنگاو دەنێت، دابونەریت و یاسا و ڕێسا باوەکان دەچەسپێنێ و پارێزگاری لە ئاسۆیی چاوەڕوانی و هۆگری خوێنەران و زمانی نووسینی باو دەکات. بەو مانایەش هەر یەک لە نووسەر و خوێنەر ئاشنای یەکترن و ناسنامەی یەکتر تەواو دەکەن، یان خۆیان لە ئاوێنەی یەکتردا دەبیننەوە، هەر یەک لە نووسەر و خوێنەر حەقیقەتی خۆیان لەسەر ئاستی ئاشنابوونی یەکتری وێنا دەکەنەوە. دواجار چەمکی ئاشنابوون وەک لە قەسیدەکەدا دەردەکەوێت، لە باشترین حاڵەتدا بە دوای گەشەکردنی مانای ئاسۆییەوەیە!

ڕاستییەکەی لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە پۆلیس نوێنەری چەمکی ئاشنابوونە و فیتوو لێدان یەکێکە لە ئەرکەکانی سەر شانی، بەڵام ناشێ لە کاتی دەوامی فەرمی مەی بخواتەوە. پۆلیس وەک گورگ بە دوای (تاوانبار/ نێچیر)ەوەیە، پۆلیس (لە شاردا) بە دوای شیعر و گورگ (لە لادێ) بە دوای وەرزی شیعرەوەیە، پۆلیس جوانی زیندانی دەکات و گورگ هێمنی دەشێوێنێ!

قسەکردن لە لێک نزیکبوونەوەی پۆلیس و گورگ، قسەکردنە لە ئاشنایی مرۆڤ و گورگ، لەوێوە مرۆڤ لە ناوەوەی خۆیدا توندوتیژی هەڵگرتووە، پڕەنسیس دایانا بە کەژاوەیەکەوە لە شەقامەکانی شاردا دەبینرێ و گورگێک لە داوێنیدایە، دایانای شاژن لە خوێنی ئەفریقا گەوزیوە. شاعیر وەک وێنەگرێ لە بەرانبەر ئەو هەموو ئاشناییە سیگاری (بەهمەن) لە ناشوێندا دادەگیرسێنێ، وەک شیعر لە نائاشناییدا. مەرج نییە شوێنی شیعر دیار بێت، مەرج نییە شاعیر سیگار بکێشێ، بەڵام یەکێک لە مەرجەکانی شاعیر بوون شیعر نووسینە، شیعر و شاعیر و سیگار ئاشنای یەکترن.

(یوونسی ڕەزایی) نایەوێ ئەو هەموو ئاشناییە لە دارشتندا بخاتە ڕوو، متمانەی بە شتە باوەکان نییە، شاعیر لە فێڵی زمان دەگات، دەیەوێت بۆ هەڵنانی جوانی وەک ڤان کوخ سەرکێشی بکات، دژی باو بوەستێ، وەک پڕشنگی (گوڵەبەڕۆژەکان) ڕووبەڕووی (تاریکی)، نەک وەک دەنگی (پۆلیس) ڕووبەڕووی (هەتاو) بخولێتەوە.

شاعیر متمانەی نییە، لە گومانەوە دێتەوە، هەتا تابووتی ئاشنابوون بە شانی خۆی بۆ گۆڕستان نەگوێزێتەوە، دڵنیا نابێتەوە! هەتا ڕەهەندێکی جیاواز بە تیشک و دەنگ نەدات، لە سەرکێشی بەردەوام دەبێت. ئەدەب جگە لە جوانی هیچ چەکێکی دیکەی نییە، هونەر لە بوێریدا، شیعر لە دارشتندا، سەرکێشی ڤان کوخی دەوێ؟! کەواتە دووبارە دارشتنەوەی پڕشنگی گوڵەبەڕۆژە و تاریکی و دەنگی پۆلیس و هەتاو، سەگ و باران، شیعر و ناشوێن. وەک دوو نائاشنا سنوورە باوەکان تێکدەشکێنن و خوێنەر دووچاری ئاوڕدانەوەیەکی جیاواز و حەپەسان دەکەن.

## چەمکی نائاشنابوون

چەمکی نائاشنابوون لە شیعردا فۆرمالیستەکان و یەکەم جار (شکلۆڤسکی)* بە کاری هێناوە، بە مانای ڕێگای دەربڕینی هونەری، یان نواندن بە شێوەیەکی هونەرییانە، بەڵام ئایا ئەو قسەیەی شکلۆڤسکی چ

هونەرێکی مەبەستە، هەڵبەتە وێنەی شیعری مەبەست نییە، بەڵکو گۆشەنیگا و دۆزینەوە بە هەند هەڵدەگرێت، ئەو مانا نائاشنایەی مەبەستە، کە نکوڵی لەوە دەکات خۆی بە دەست دنیای ئێمەوە بدات! هونەری شیعری لە (دنیای بەتاڵی زمان) کە لە شێوازی ئەبستراکتدا قسەم لێکردووە، پێوەندی بەو مانا نائاشنا و هێزەوە هەیە، کە دەکەوێتە سەر (دواخستن و پێشخستن) و (ڕەمز) و (هەست)ی ڕستەی شیعرییەوە. دەمەوێ بڵێم یوونسی ڕەزایی دوای جووڵەی مانای نائاشنا دەکەوێت، دوای دۆزینەوەی گۆشەنیگای شیعری دەکەوێت. بۆ نموونە (پۆلیس لە ڕێگا فیتوو لێدەدا- ئەو گوڵەبەڕۆژانەی بە تاریکی دەوەڕن- گوێچکەیەکی بڕاو دەبینم لە بادا.) من لێرەدا هەوڵم داوە قسە لەو جۆرە نائاشناییە بکەم!

ئەگەر ئاشنابوون هۆگری مرۆڤ بۆ شتەکان و دنیا بەرجەستە بکات، ئەوە نائاشنابوون نامۆیی مرۆڤ بۆ شتەکان و دنیا دەخاتە ڕوو، یەکەمیان دەلالەت لە ڕێکەوتنی مرۆڤ و شتەکان و دنیا دەکات، دووەمیان دەلالەت لە یاخیبوونی مرۆڤ و شتەکان و دنیا دەکات، یەکەمیان بەشێک لە مێژووی (ئاسۆیی) مرۆڤی لەسەر بنیاد نراوە، دووەمیان بەشێک لە چێژی هونەری (ستوونی) مرۆڤی لە سەر دادەمەزرێ، یەکەمیان جێگیربوون دەچەسپێنێ، دووەمیان جیاوازی دەسەلمێنێ. ئاشنابوون، ڕەها کردنی ئاسۆی چاوەڕوانی باو و هەستی گشتی باو دووبارە دەکاتەوە، ئاشنابوون هۆگریبوونی باوە، نائاشنابوون دژی ئاسۆی چاوەڕوانی باو و هەستی گشتی باو دەبێتەوە، نائاشنابوون یاخیبوونە لە باو!

چەمکی نائاشنابوون بە مەعریفەی جیاواز و دنیابینی جیاوازەوە بەندە، لە سەرسامبوون و حەپەسانەوە پێوەندی بە داهێنان و چێژی داهێنانەوە دەکات! نائاشنابوون ئەو ڕێگا هونەرییە نوێیە دیاری دەکات، کە ناکەوێتە سەر ڕێگا باو و کۆنەکانەوە، بەکارهێنانی ئەو ڕێگا هونەرییە و چێژە هونەرییە نەناسراو و نوێیە پێوەندی بە ئاگایی جیاواز و دیدی جیاوازەوە هەیە، پێوەندی بە هەستی تێگەیشتنی جیاواز و نەگوتراوەکانەوە هەیە، ئەفراندنی دنیایەکی نوێ و دیتنی شتە نادیارەکان و دۆزینەوە دەگەیەنێت.

ئەو قەسیدەیە هەر نایەوێت پێمان بڵێت مرۆڤ گورگی مرۆڤە و شار نامۆیی لێ دەکەوێتەوە و هونەر جوانییە و هونەرمەند لە کۆمەڵگا نامۆیە و مرۆڤ لە ژیاندا هەست بە نیگەرانی و ترس و نائاشنابوون دەکات. ئەو قەسیدەیە هەر تەنیا پۆلیس ناکاتە هاونشینی کلۆوەبەفر و پێکهەڵدان و کیژ ناکاتە هاوسێی بەیانی و دەسەڵات ناکاتە گورگ و گورگ ناکاتە شیعر. ڤان کوخ و گوێچکە، باخ و باغ و هونەرمەند هاونشینی جوانی، بەڵکو هەموو ئەوانە بە شێوەیەکی دیکە وەک خودی حەقیقەت و هونەری نواندنی زمان و کورتبڕی و دیتنی نوێ و پەیڕەونەکردنی گرامەر و دواخستن و پێشخستن و ڕەمز و هەستی شیعرییەوە دەردەکەون، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا یوونسی ڕەزایی دەکەوێتە وڕێنەکردن بە ئامرازی پێوەندییەوە بۆ نموونە (کە دەلوریێن لە سەرکێشی شەو.. کە ڕەنگیان بە تامترین.. کە بێ سنوور دەژی.. وە لە فاڵی چاوت)، هەندێک جار جووڵەی مانای نائاشنا گۆشەنیگای شاعیرانە بەجێ دەهێڵن و شێوانی مانایان لێ دەکەوێتەوە، بۆ نموونە (تینوویە ڕەنگە جیهان بە جوانیی.. دڕندەیی ئەو مەنزوومەیە با تاڵانی -با- ئەمن و ئێوەش شاعیرانی ئاوابوون لە ژان)، هەندێک جار تێکەڵاوبوونی شتە جیاوازەکان، دەنگ و تیشکی جیاواز و واتای نوێ بەرهەم ناهێنێ، بەڵکو لە شوێنی خۆی پێ دەکوتێ، بۆ نموونە (ئەمن و ئێوەش شاعیرانی ئاوابوون لە ژان) دەمەوێ بڵێم جیاوازی واتای "ئاوابوون" ناتوانێ جووڵە بە دەنگ و جووڵە بە جوانی بکات، بە دیوەکەی دیکەش شێوانی مانای لێ دەکەوێتەوە.

## دەرئەنجام

١- دەقگەرایی دەقی (کێشی ئەو شیعرەت بۆ نادۆزرێتەوە، بلوورێنە تکایە)ی (یوونسی ڕەزایی) بە گشتی نامۆیی لێ دەکەوێتەوە. لە پێوەندی ستوونی پڕشنگی ئاگامەندی ئەو نامۆیی و نائاشنابوونە چێژ و تیشکی دەلالەتی شیعری بەرهەم دەهێنێ، بەڵام لە پێوەندی ئاسۆیی داڕشتنی جووڵەی مانای نائاشنا، وێنەی شێواو دەخاتەوە، بەڵام وەک دیارە مامەڵەکردنی شاعیر لەگەڵ شێوازی داڕشتن ئەگەرچی لە ڕووکاردا ئاسۆیی دەنوێنێ، بەڵام بە هۆی بەرهەمهێنانی وێنە شێواوەکانەوە لە ناوەوە ستوونی دەکەوێتەوە، وەک چۆن مامەڵەکردن لەگەڵ چێژ و تیشکی دەلالەتی شیعری ستوونییە، ستوونی بوونی جووڵەی مانای نائاشنا و

ستوونی بوونی تیشکی دەلالەتی شیعری شێوازی نووسینی شاعیر لە شێوازی ئەبستراکت نزیک دەکاتەوە.

٢- یوونسی ڕەزایی وێنەی شیعری بە قوربانی جووڵەی جوانی دەکات، بەڵام دوور لە قورسایی مەعریفە و گوتارخوازی، هەمیشە بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکان پشت بە بیرکردنەوە و خەیاڵی خوێنەران دەبەستێت، نائاشنابوونی چێژ و تیشکی دەلالەتەکان و نائاشنابوونی دەنگی مانا و وێنەی شێواو ئاسۆیەکی تازەی چاوەڕوانی بۆ خوێنەران واڵا دەکات.

٣- خوێندنەوە و دارشتنەوەی ئەو قەسیدەیە بە خەیاڵ و بیرکردنەوەی خوێنەران، هەر تەنیا دەلالەت لە پڕکردنەوەی بۆشاییەکان ناکات، بەڵکو لە لایەک دەلالەت لە فرە مانایی دەق و لەلایەکی دیکەوە دەلالەت لە بەرهەمهێنانەوەی داهێنانی خوێنەر لە ناو داهێنانی دەقدا دەکات.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان:**

**١- ڕۆژنامەی "هیچ" ژ ٧، ٢٠١٧/١/١.**

**٢- یوونسی ڕەزایی شاعیر و نووسەری بۆکانییە. لیسانسی لە تەکنۆلۆژیای پەروەردە و ماستەری لە زانستە سیاسییەکان وەرگرتووە.**

**٣- نائاشنابوون/ نامۆبوون. لە وشەی (تغریب- اغتراب - expatriation)ی عەرەبییەوە نزیکە.**

**٤- ئاماژەیە بە گوتەکەی بیریار و فەیلەسووف تۆماس هۆبز (١٥٨٨-١٦٧٩) کە دەڵێت: (هەموو مرۆڤێک لە پێناو خۆیدا شەڕ دەکات، بنچینەی کارەکانیشی خۆویستییە، بناغەی هەڵسوکەوتەکانی ئارەزوویەتی لە سوود گەیاندن بە خۆی، ئەو خۆشەویستەی بۆ هاوسێیەکەشی هەیەتی تەنیا فێڵکردنە لە فێڵەکانی خۆشەویستی خۆی).**

**٥- نووسەر و ڕەخنەگری ڕووسی ڤیکتۆر بۆریسۆڤیچ شکلۆڤسکی (١٨٩٣- ١٩٨٤) پێی وایە شاعیر پێویستە ناوکۆیی باو تێکبشکێنێ و جیاوازی بنیاد بنێت، دارشتنە باوەکان هەڵوەشێنێتەوە و دەست بەسەر وەڵامە ئامادەکاندا بگرێت. شاعیر پێویستە پرسی جیاوازی بسازێنێ و خوێنەران بە درککردنی بەرزی شتەکان بگەیەنێت. شکلۆڤسکی پرۆسەی داهێنانی گواستنەوە لە باوەوە بۆ ناباو، بە هونەر ناو دەبات.**

**هەولێر ٢٠١٧/٧/١٠**